http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.374

# دیاریکردنی بونیادی واتا پەیوەست بە بونیادە تەسەورییەکان

شیلان ئەحمەد ئیسماعیل

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان
Kakany80@gmail.com

## پوختە

ئەم لێکۆلینەوەیە لە دوولایەنەوە رۆلێکی سەرەکی هە یە یە کەمیان زانستی زمان و دووەمیان فەلسە فەی زمانە ،بۆیە لێرەدا بە رانبەر پرسیارێکی گرنگیین ،ئایا بونیادی (واتا)لە زمانی مرۆڤدا چۆنە ، مرۆڤ ئە و شتانەی بەرێگەی ئۆرگانە کانە وە پەیپێدەبات ،یان مەعریفە یەکی هەیە دەربارەی ، بە چ شێوەیەك دەتەانێت دەریببڕێت و لە بارییە وە قسە بکات ،،دەکرێت ئە وپرسیارە، لە چواچێوەی زانستی زمانی درککردن بە تێڕوانینێکی سایکۆلۆجیانە بخرێتە روو بۆ ئە وەی هەردوو بواری فە لسە فەی زمان و زانستی زمان بگرێتە وە ، پرسیارەکە بەم شێوە دەخرێتە روو ،ئایا بونیادی زمانی و واتایی بە چ شێوازێك دەتوانێت درککردنی هەستی ومەعریفە ی قسە کەر ئاشکرا بکات ، لە بارەی پەیوەندی پێڕەوی چەمکی وئەزموونەکان پێشنیازی تیۆریی بونیادی تە سەوری دەکرێت بۆ ئاشکرا کردنی پەیوەندی نێوان بونیادی سیمانتیکی و تە سەوری ، لێکۆلەر میکا نیزمی پێویست بۆ روونکردنە وەی ئەو گریمانەو لێکدانەوانە لە دوو بەشی سەرەکییدا دەخاتە روو:

لە بە شی یە کەمدا /لێکۆلەر باس لە پێڕەوی چەمکی /تە سەوری دەکات ،وەکو میکانیزمێك بۆ پێکەوە گونجاندنی فۆرمە زمانییە کان و فۆرمە نازمانییە کان بە تایبەتی ئە زموون ، هەموو ئەو هەولآنە بۆ روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان زانیارییە زمانی و نازمانییە کان ئەمرۆ لە چواچێوەی زانستی زمانی درککردندا (cognative)لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت ،لەم نێوانە دا تیۆریی سیمانتیکی تە سە وری[1] (semantic conceptual) پەرەی سەندوو وەکو تیۆرییە کی زمانی فراوانی لێهاتووە و تێدا باس لە پەیوەندی نێوان بونیادی سیمانتیکی و بونیادی تە سە وری دەکرێت

لە بەشی دووەمدا / گرفت لە دیاریکرنی سنووری نێوان بونیادی واتایی وشە کان لە زمانی کوردیدا دەخرێتە روو ،کە ئەم گرفتانە وابەستەی هە مە جۆری و جیاوازییە لە بونیادە تە سەوریی و کەلتووری قسەکەری کوردو و بە پێی ئەزموونی تاکە کەس دەگۆرێت . بۆ پێشکردنی باشرین مۆدێلی دارشتنی واتا پەیوەست بە بونیادە سیمانتیکی و تە سەورییە کان ،لێکۆلەر بەشێوەیەکی زانستی بە باشترین مۆدێلی دارشتنی واتای وشەکان خەریك دەبێت .

---

[1]- رای جاکندوف لە سالی 1945 لە دایك بووە خوێندکاری چومسکی بووە ،یە کێکە لە گەورەترین زانایانی زمان ،لە بواری سیمانتیك دا کاریکردووە بە رابەری تیۆریی سیمانتیکی تە سەوریی دادەنرێت(conceptual semantic)،کە دواتر لە لایە ن ستیڤن پنکر و پوستیوفسکی پەرەی پێدرا ،نوێترین بەرهەمی بریتییە لە واتاو لێکسیکۆن (meaning and lexicon)،بروانە :رای جاکندوف(2009:5-15)

كليلى ووشەكان: بونيادى واتا ، بونياده تەسەوريیەكان، زمان

## 1-1/1) پەيوەندى نێوان ئە زموون وفۆرمە زمانييەكان

بە پێی ئە و پەيوەندييەی نێوان واتاو مەعريفە /درككردن ،ئە وە ناتوانرێت هيچ جياكارييە ك بكرێت لە نيوان ڕاڤە كردنی سيمانتيكی بۆ ڕستە يە كی زمانی و هەروەها نواندنی مە عريفيیە كانی پە يوەست بە ئە و رستە يە ،لە بەر ئەووەی ئێمە كاتێك لە زمان دەكۆڵينە و ە ،دەبێت لە بونيادی بير بكۆڵينە وە ، چونكە لێكۆڵێنەوە لە پەيوەنديیە واتاييە ئاوەزييە كان پشكنينە لە ئە و هۆكارانەی كە وا لە قسە كەر دەكات ،كە بە لايەوە هەندێك شت لە پەيوەنديدا يە و هەندێكی تر بە ئەو شێوە نين ، هيچ بە هاو نرخێك بۆ مەعريفە لە ئە م نێوانەدا دانەنرێت، لێكۆڵينەوەكان بە تەنهادەربارەی سە ڵماندنی ئەو ڕاستييە بيت ئايا ئەم شتانە لە واقيع دا بە ئەو شێوەن يان نە ؟چونكە ئێمە باس لە تە سەورێكی ئاوەزی رێكخراو دەكەين بە پێی ئە زموونی قسە كەر،[2] باس لەسەڵماندنی شتەكان ناكەين لە واقيعدا .لێرە دا لە بەردەم پرسيارێكی ورديين ، ئايا چۆن دەتوانين زانيارييە بينراوەكان و ئە زموو نەكان بكەين بە زانياری زمانی و دەربرينمان هەبێت دەربارەی ،ئايا تيۆرييە ك هەيە ئە م ميكانيزمە بخاتە روو، لێكدانە وە بۆ پەيوەندی نێوان ئە زموون و دەربردراوە زمانييە كان بكات ، ئە م لێكۆلينەوەيە لە بەردەم تێروانينێكی سايكۆلۆجی و زمانييە ،بۆيە دەكرێت بە م شێوەيە سروشتی ( ئە زموون ) و پەيوەندی لە گەڵ ئا خاوتنە كان بخرێتە ڕوو بۆ پێشكەشكردنی باشترين مۆديلی پە سەندكردنی ئەزموونەكان[3] ، بە مەبەستی وەڵامدانە وەی ئە و پرسيارە ( چۆن زانيارييە بينراوەكان دەكرێتە دەربردراوی زمانی؟ ) بڕوانە خشتەی ( 1 ):

---

[2] محمد غاليم (1987:93)

[3] راي جاكندوف (2010:48-50)

| | |
|---|---|
| پـــــە ســـــــەنكردنی فینومینۆلوجیانەی ئەزموون | زۆرینەی تیۆرییە هاوچەرخە کـان ئـە م جـۆرە تێڕوانینـە تێدە پـەڕێنن ، پـە سـەنكردنی فینومینۆلوجیانە ناتوانێت تیۆرییە کی تایبەتی هە بێت دەربارەی ئەوەی چۆن بتـوانین ئـەو شـتانە ی ،کـە بـە چـاو دەبیـنین و ئـەزموونمان هەیـە دەربـارەی ،بـە ئاخـاوتن دەربیبرین ،بەڵكو بە تەنها گرنگی بە پێدراوەكان ( المعگیات ) دەدات. |
| پـە سـەنكردنی فیزیۆلـۆجی ئەزموون | پە سەنكردنی فیزیۆلۆجی گرنگی بە بونیادی دەماغ و ئەرکـە و چـالاکییە میشکییە کـان دەدات ،بە لاٚم ئەم جۆرە پە سەنكردنە ناتوانێت وەسفێكی وردمـان پێبـدات ،ئایـا چـۆن ئەزموونە کان دەکرێتە دەربـڕینی زمـانی و چـۆن زانیـاری بینـراوە دەکرێـت بـە زانیـاری زمانی ،چونكە بە شێوەیە کی ئە ندامی بیرۆكە ی تەواومان پێنابەخشێت دەربـارەی بـە جفـرە کردنـی دەنگـە کـان و ئاخاوتنـە کـان ،بـە دەر لـە وەی، کـە شـتێكی گـرنگ لـە م بارەییـەو ە خسـتوویە تـە ڕوو ، بـە تـەنها باسكردنی ناوچـەی برۆكـا ( brocas)یـە ،کەڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە زمانەوە . |
| پە سەنكردنی ئەرکی( وڤیفی ) | زۆرینـەی تیۆرییـە تەقلیدییـە کـا نـی زانسـتی درککردن، لێكۆڵینـە وەیـە دەربـارەی پەیوەندی دەماغ و ئە زموون ،نایسەر ( 1967 ) عە قڵ بـە بونیـادیكی فیزیكـی وەسـف دەکات ،کە لە چەند بە شێك پێکهاتووە وتایبە تن بە پرۆسێس کردنـی زانیارییـە بـە دەستهاتووەكان و چۆنێتی بە ڕێكردنی زانیارییە کان لە هەر سێ جۆری یادگە دا ،هە موو ئە م هەوڵانە ڕۆڵێكی سەرەکی هەبوو لـە لێكۆڵینـەوە لـە توانـای فێربـوون و فێرکـردن و بوارەکانی تر ،بەلاٚم ناتوانێت میكانیزمێك بخاتە ڕوو بۆ وەلاٚمدانەوەی ئە و پرسیارەی سەرەوە چونكە ناتوانرێت دەستنیشانی ئەوە بکرێت ئایا ئەو شتە بینـراوە ،بریتییـە لـە درەختێك یان سێبەری شتێكە ،چونكە توانـای پرۆسێسكردنی هەنـدێك زانیـاری ،ئـەوە مان بۆ ئاشكرا ناکات زانیارییە کە بریتییە لە چی ؟ یان چۆنە ؟ |
| پـە سـەنكردنی ڕێكـاری و بونیادی | ئە م بوارە بە شێوەیەکی ئاشكراو ڕوون لە گەڵ دە ماغ و پرۆسێس کردنـی زانیارییـە کـان هەڵسە كەوت دەکات ،چونكە بە تەنها بە کە ناڵە کانی بە جفرە کردنی زانیارییە کـا ن گەیانـدنیان گرنگـی نـادات ، بـەڵكو هەنـدێك میكـانیزمی تایبە تمەنـدی زانیارییـە ئاوەزییە کـان و فۆرمییـە کـان دەخاتـە ڕوو ،ئـە و ڕێكاریانـە ی لـە م بـوارە دا پێویستن دیاریدەکات و بۆیە شێوازی پـە سـە نكردنـی بونیـادی وەلاٚمـی ئـە وپرسـیارە دە داتـە وە ( چۆن دەتوانین زانیارییە بینراوەكان بكەین بە دەربردراوی زمانی ؟ ) |

پە سەنكردنی بونیادی بریتییـە لـە تاییـە تمەنـدی فـۆرمی بـۆ زانیارییـە بینراوەكـان و زانیارییـە زمانییـە کـان و پەیوەنـدی نێوانیان.هیچ کام لە ئەو شێوازانەی سە رەوە یە کتری ناسڕنەوە ،بە هە مان شـێوە جیاکـاری کـردن لـە نێوانیـان ئـاڵۆزە ،بۆیـە دەبێت گریمانەی تیۆرییە کی زمانی بکرێت کە بونیادی زانیارییە زمانی و نـازمانییە کـان و توانـای پرۆسێسكردنی زانیارییە کان لە خۆیدا بگرێت و كۆیانبكاتەوە ،جیاکاری کردن لە نێوان شێوازی بونیاد ی وڕێكاری لە تیۆرییـە زمانییـە کـان بـە دی دەکرێـت ،چونكە زانستی زمان لە بونیادی سینتاکسی زمان لێكۆڵینەوە دەکات ،کە چومسکی بـە توانسـتی زمـانی نـاوی دەبـات ،بـە لاٚم لێكۆڵینەوە سایكۆ لۆجییە کانی زمان بریتییە لە چەند میكانیزمێك ،کە بـە کـاردێن بـۆ پرۆسێسكردنی بونیـادە ومانییـە کـان ،( جاکندوف ) پێی وایە کە پێویست دەکات تیۆرییە کی مە عریفی هـەبێت ئـە م دوو لایـە نـە لـە خـۆی بگرێـت ،بۆیـە بـە دوای

میكانیزمێك دەگە را بە ناوی تیۆریی بونیادی تە سە وری –واتا ئە و زانیاریانەی كە هاوبە شن لە نێوان دارشتە ی زمانی و زانیاری بینراو (ئە زموون ).[4]تەسەور بەستنەوەی ئەزموونە بە كەلتوورەوە ،كە مەبەستمان لە ئەزموون ئەزموونێكی فیزیكی نییە ،چونكە هە موو ئەزموونێك ئەزموونێكی كەلتوورییە بە تایبەتی ئەزموونمان لە گەلّ دنیا و دەوروبەردا ،لەرێگەی ئەزموونەوە پێرەوی تە سەوری دیاریدەكرێت ،كە ئەزموون كەتیگۆرییە تە سەورییە كان دیاریدەكات ( پێش ، پاش )،ئە گەر تۆپێك لە نێوان ئێمەو بەردێك بێت ،ئێمە دەڵێین بەردەكە لە پێش تۆپە كەیە ،بەلاّم لە هەندێك زماندا تە سەوری جیاواز دەشكێتەوە بە سەر بونیادەكان دا[5]،بۆنموونە بڕوانە ئەم ڕستانە :

- تۆپە كە لە پاش بەردەكە دایە
- تۆپەكە لە نێوان من و بەردەكە دایە
- تۆپە كە لە پێش ( بەردەم )بەردەكەدایە
- بەردەكە لە دوای من و بەردەكەدایە

### 2-1/1 )پەیوەندی نێوان پێڕەوی تە سەوری /چەمكی و ئەزموونەكان

بەشێكی زۆری پێڕەوی تە سەوری /چەمكی بە شێوەی میتافۆری بونیادنراوە ،واتە تێگەیشتن لە هەندێك لە تە سە ورەكان /چەمكە كان بە شێوەیەكی بە شەكی /جزئی بە رێگەی تە سەوری ترەوە روودەدات[6]. لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ،ئایا تە سەورێك/چەمكێك بوونی هەیە ،كە ڕاستە وخۆ بە بێ میتافۆر تێگەیشتنمان هەبێت دەربارەی و پرۆسەی تێگەیشتن روودات ؟ئەگەر وەلاّمەكە بە نەخێر بێت ئەوە،ئەی بە چ رێگایەك دەتوانرێت بنەمای تێگەیشن راستەخۆیانە بە دی بكرێت ،ئەو تە سەورانەی /چەمكانەی بە شێوەیەكی راستەوخۆ دەبنە بنەمای تێگەیشتن ،بریتیین لە چەمكە فەزاییە كان ،وەكو( سەرەوە ،خوارەوە.........تاد )چەمكە فە زاییە كان ،بە تەنها چالاییەكی فیزیكی نین ،بەڵكو ئاراستە كردنێكی جووڵەیین،هاوشێوەی ئاراستەكانی تری وەكو ( پێش- پاش،ناوەوە –دەرەوە،نزیك –دوور............تاد )،بۆیە بونیادی تە سەوری فەزایی هەڵقولاّوی ئەزموونێكی فیزیكی و كارلێكردنە لە نێوان كە سەكان و دەوروبەری فیزیكی ،چونكە تەسەوركردنی ئێمە بۆ ( سەرەوە ) ،تە سەوركردنی ( بەرزی و بەرزایی و بەرزبوونەوە )نییە ،بەڵكو كۆمەڵێك چالاكی وكارلێكەرییە لە نێوان كە سە كان و دەوروبەری فیزیكی و ئەركە جووڵەییەكان ،لە ئە نجامدا بونیادە تە سەورییەكان بە تەنها پەیوەست نین بە حاڵەتی فیزیكی كەسەكان بەڵكو پەیوەستە بە ئەزموون وكەلتوورەوە ،كە ئەزموونێكی فیزیكی ڕاستەوخۆ لە سەر بنەمای كۆمەڵێك بونیادی كەلتووری و

---

[4] راي جاكندوف ( 2009:51-53 )
[5] شیلان ئەحمەد ( 2015:131 )
[6] جوج لایكوف ومارك جونسن( 2009:77)

رۆشنبیری دانراوە،بە پێی ئە پاراتی تەسەوری کەسەکان ئەزموونەکان ڕاڤە دەکرێن،واتە بە بێ ئامادەبوونی لایەنی کەلتوری ناتوانین ئەزموونمان هەبێت دەربارەی جیهان. [7]

بەگشتی دەبێت لێرەدا جیاکاری بکرێت لە نێوان ئەو ئەزموونانەی لایەنی فیزیکی زیاتر یێدا ئامادەیە تاوەك لایەنی کەلتووری ،ئەو تەسەورانەی پەیوەستن بە جەستەی کە سە کان ،وەکو( سەرەوە ،خوارەوە،ناوەوە،دەرەوە، پێش ، پاش،رۆشن ،تاریك،گەرم ،سارد،نێر،مێ )جوانترو بە شێوەیەکی وردترویێنادەکرێن لە تەسەورەکانی تر،هەرچەندە ئەزموونی هەست و سۆز گرنگە وەکوئەزموونێکی فیزیکی درککراو( درککردنی هەستی / پەیپێبردن )،بەلام ئەزموونی هەست وسۆز ناروونتر پێوانە دەکرێت.دەتوانرێت بە رێگەی هەستە کانەوە پێکهاتەکانی ئاسن وکانزاکان درکپێبکرێت،هەروەها بە رێگەی هەستی بینین و دەستلێدان سنووری هەندێك شت دیارییکرێت و بناسرێتەوە ،بەلام لە توانای مرۆڤدا نییەبە رێگەی هەستەکانەوە سنوورەکەی دیارییکات، ئە مانە بەرێگەی تە سەورکردنەوە دەتوانرێت وەکو( کیانات ) سەیربکرێت ،کە لە ناوەوەی ئە م کیاناتە شتە کان بوونیان هەیە وەکو:دارستانەکان ،دەریاکان هەورەکان ،ئاسمانەکان ..............تاد ) [8]

ئەزموونێکی فیزیکی یاسابەندانە تر نییە لە ئەزموونێکی هەست وسۆزیانە وئاوەزیانە و کەلتووریانە...تاد،بەڵکو هەموو ئەم ئەزموونانە هاوشێوەی یەکتری یاسابەندن،بەڵکودەتوانرێت جیاکاری بکرێت لە نێوان ئەزموونێکی فیزیکی دیاریکراوبە شێوەیەکی روون و ئاشکراو لە نێوان ئە زموونەکانی تر،کە بە شێوەیەکی ناروون دیاریکراون،بروانە ئەم نموونانە :

-ئارا لە ژوورەکەی خۆیدایە.

-ئارا لە وەزارەتی ناوخۆیە .

-ئارا لە بارودۆخێکی خراپ دایە.

ئەو رستانەی سەرەوە سێ بواری ( فەزایی ،کۆمەلایەتی ،سۆزداری )دەگرێتەوە ،ئە م سێ بوارەهاوشێوەی یەکتری ئەزموونێکی یاسابەندن ،بەلام ئە گەر لە تێڕوانینی بونیادی تە سەوری /چەمکییەوە سەیر بکرێت ئەوە ( لە )لەرستەی یەکەمدا ئەزموونێکی فیزیکی دەخاتە روو ،تە سەورێکی میتافۆری نییە، کە ( ئارا ) بە فیعلی لە ژوورەکەیدا بوونی هەیە ،بە لام ( لە ) لە ڕستەی دووەمدا تە سەورێکی کۆمەلایەتی پیشاندەدات ( مەبەست لە باری دارایی کەسێکە لە وەزارتی ناوخۆ لە چاو وەزارەتەکانی تر )، ( لە )لە رستەی سییەمدا ،تەسەوریکی هەست سۆزانە پیشاندەدات ( تێکچوونی باری دەروونی کە سێك )، ئێمە لێرەدا بەرانبەر سێ تە سەوری جیاواز نین بۆ ( لە ) ،بەڵکو یە ك فۆرمان هە یە بۆ سێ تە سەور،کە دوانییان میتافۆریین،لێرەدا چەند تە سەورییەکمان هەیە لە رووی گراماتیکییەوە یەکسانن ،بەلام چەند بونیادیکی تە سەوریی( conceptualization )

---

[7] جورج لایکوف ومارك جونسون ( 2009:78 )
[8] جورج لایکوف ومارك جونسون ( 2009:78 )

جیاكارمان هەیە بۆ ئەم ئەزموونانە ،كە ناتوانن یە كسان بن ،ئە م بونیادە تە سەوریانە تێدا زانیاری زمانی و نازمانییە كان( زانیارییە بینراوەكان و ئە زموونە كان ) تێدا دەگونجێنرێت ،بە گشتی پێرەوی تە سەوری /چەمكی پابەندە بە پرنسیپە میتافوریی و میتۆنومییە كان ،لە چواچێوەی پەیوەندی بونیادی تە سەوری لە گەڵ بونیادی سیمانتیكی لێكدانەوەی بۆ دەكرێت .[9]( **بڕوانە پرنسیپە تە سەوری و سیمانتكییە كان** )

**3-1/1 )گریمانەی بونیادی تە سەوری**

یەك ئاستی نواندنی ئاوەزیمان هەیە ،كە بریتییە لە بونیادی تە سەوری ،كە تێدا زانیاری زانیاری زمانی و زانیارییە نازمانییە كان وەكو جووڵەیی و هەستی دەگونجێنرێت بە یە كەوە ،ئەم گریمانییە نموونەیەكی( Idealization ) گرنگ و گونجاوە بۆ گرنگی دان بە بونیادی دەماغ ،گریمانەی ئە وە دەكرێت ،كە بونیادە تە سەورییە كان لە كۆمە ڵێك یاسای ( دروستی بونیادە تە سە ورییە كان/سلامە الابنیە الدلالیە ) پێكهاتووە ،ئە مجۆرە یاسایانە زگماكین و دواتر دەتوانرێت بە گوێرەی ئە زموونی كە سە كان پەرەی پێبدرێت ،بە لاّم تا سنوورێكی دیاریكراوو دەڕوات و كۆتایی پیٰ دێت .[10] جان بیاجە باس لە توانای وەرگرتنی یاساكان دەكات ،هەندێكی تر بە زگماكی ناوی دەبە ن،جاكندوف پێی وایە ،كە سەرەرایی ئەزموونەكان دەبێت هەندێك لە رەهەندە چە مكییە كان بوونی هە بێت لە مێشكدا وەكو چە مكی جیاكاری نێوان رەنگە گان دەبێت پێشتر ئەم چەمكە بوونی هەبێت، ئە م گونجاندنە تە سەوریانە یان یە كگرتنە وە تە سە وریانە پەیوەستە بە گریمانەیەكی بنەرەتی لای جاكندوف ( 1983 ) ،كە بە گریمانەی بونیادی تە سە وری ناو دەبرێت :( تەنها یەك ئاستی نواندنی ئاوەزیمان هەیە ئە ویش بونیادی تە سەورییە ،كە زانیارییە زمانییە كان لە گەڵ زانیارییە نازمانییە كان وەكو جوڵەیی و هەستییە كان تێدا پرۆسێس/ پێواژۆ دەكرێت و پێكەوە دە گونجێنرێت،[11] هەربۆیە پرنسیپە كانی بونیادی تە سەوری لە ئە و بۆچوونە دەست هەڵدەگرن ،كە بتوانرێت دەربارەی هەموو جۆرەكانی واتا و بە كارهێنانە كانی مە عریفە یە كی تە واو مان هەبێت ،چونكە ئە مە پەیوەستە بە ئەزموونی فیكری /هزری و لایە نی ستاتیكی /جوانی و هە ستكردن بۆ نموونە ئە زموونمان لە گەڵ قە بارو رەنگ و شێوەی و دەنگی شتە كان ......تاد[12] جیاواز دیاریكراوە ،بڕوانە ئە م رستانە :

-چاكەتەكەی سایە سوورێكی تێرە .

-چاكەتەكەی پەریا سوورێكی تۆخە .

-چاكە تەكەی پەریا سوورێكی كاڵە.

---

[9] شیلان ئەحمەد ( 2015:131 )

[10] :راي جاكندوف ( 2009:70 )

[11] Jackendoff( 1983:17 )

[12] Lakoff and Johnson( 1980 )

-چاكە تەكەی پەریا قاوەییەكی سوور باوە.

**1-3-1/1 ) پرنسیپە تە سەوریی /چەمكیی و واتاییە كان**

گریمانە لە ئەوە دەكرێت ،كە پرنسیپە واتاییە كان سروشتێكی سایكۆلوجیانە یان هە یەو پێویست دەكات پەیوەندییەكی گونجاندن هەبێت لە نێوان ئەو پەیوەندیانەی ،كە پەیوەستن بە پێڕەوە واتاییە كان لە زمانە سروشتیە كان و ئە و پەیوەندیانەی ،كە پەیوەستن بە پێڕەوی مە عریفی ودركپێكردنەكانی تر ،هەربۆیە یەك ئاستمان هەیە بۆ پێكەوە گونجاندنی / پرۆسێسكردنی / پێواژۆ كردنی ئە و دوو جۆرە پەیوەندییە مان هەیە ،كە ئەویش ئاستی بونیادی تە سە وریە.[13] بونیادی واتایی بریتییە لە ئە و زانیاریانەی ،كە بە هۆی زمانە وە هەڵگیراون بە شێوەیە ك داڕێژراوە ،كە ئاوەز بە هۆیە وە دەتوانێت ئە زموونە كان ڕێكبخات ،چونكە پەیوەندییە واتاییە كان ناچارمان دەكات مەعریفەی نازمانی ( تە سەوری ) بە كا ربهێنین ،هەروەها میكانیزمە پێویستە كان بۆ نزیكبوونەوەو تە واو پێكانی بونیادی تە سەوری /نازمانی ، شیكارێكی تە واومان پێ دەبە خشێت كە ڕاستە وخۆو پەیكاڵە لە گەڵ پەیوەندییە واتاییە كان .[14]

پەیوەندییە واتاییە كان خاوەن كۆمەڵێك سیماو نیشانە ی سەرەكیین كە تایبە تن بە پرنسیپە تە سە وریە كان ،تیۆریی واتایی بە شێكە لە تیۆریی بونیادی تە سەو ری ،بڕوانە وێنەی ( 1 ):




وێنە ی ......................................................(1)

پەسەندكردنی بونیادی واتایی بە تەنها پەیوەست نییە بە نواندنە واتاییە كان و سیما و نیشانە واتاییە كان ،هەروەها بە تەنها ناتوانرێت بە گوێرەی بونیادی سینتاكسی بە پێی یاساكانی پرۆ ژە سازدان دارشتنی بۆ بكرێت ،بەڵكو هەندێك جار گریمانە لە سەربە خۆ بوونی بونیادی واتایی دەكرێت لە بونیادی سینتاكسی و دواتر ملكەچبوونی بۆ یاساكانی دروستی ( قواعد السلامە ).[15] یاساكانی دروستی بونیادە سیمانتكییە كان ( سلامە الدلالە )لقێكە لە یاساكانی دروستی بونیادە تە سە

[13] الفاسي القهري (1985:198)، (1978:202 ) Jackendof، (1981:1 ) Norrick
[14] الفاسي القهري (1985:198 )، (1968:129-130) Mccawley ، (1978:202) Jackendoff
[15] الفاسي القهري (1985:197 )، (1978:201) Jackendoff

وریيه كان ( سلامه التصورات )،هەروەها بونیادە سیمانتكییەكان ،كە بە گوێرەی یاساكانی پرۆژە سازدان جیێبە جێدەكرێت ،ئاستێكی تايبه تە لە تە سە ورات /چەمكە كان [16] ،بروانە وێنە ی ( 2 ):




وێنە ی ..........................................................................( 2 )

ئە گەر هە موو تيۆرییە كی واتایی پێویستی بە وە بێت كە كۆمەڵێك پرنسیپی واتایی دیاری بكات بۆ ئەوەی تایبە بكرێت بە دروستی بونیادە سیمانتكییە كان /سلامە البنیات الدلالیە /semantic well-formness ،ئەوە دیاریكردنی پرنسیپە تە سەورییەكان ( پرنسیپە واتاییە كان لقێكە لە پرنسیپە تە سەورییە كان )پێویستی بە تیۆریی بونیادی تە سە وری هەیە بە مەبەستی لێكدانە وەی سروشتی تە سە ورەكان و چۆنێتی دیاریكردن و چۆنێتی پێكە وەگرێدانی تە سە ورەكان. ئە م جۆرە لێكۆڵینە وانە دەربارەی تە سە ور ئاراستە یەكی سایكۆلۆجیانە وكە لتوورانەی جیاواز جیاوازی هەیە ،چونكە بریتیین لە چەند مۆدێلێكی تە سە وری ،یان چەند مۆدێلێكی مە عریفی،كە بە بۆچوونی فیلمور( 1982 ) ئە م مۆدیلانە بە گوێرەی كۆمە لێك هۆكاری سایكۆلۆجی وكەلتووری پەیوەست بە ئە زموونە وە دیاریدەكرێن.[17] لەم بارەییەوە پەیوەست بە پەیوەندی نێوان بونیادی سیمانتیكی و تە سەوری بۆچوونی جیاواز دەخرێتە روو ،بروانە ( 2-3-1/2 )پەیوەندی نێوان بونیادە سیمانتكییە كان و تە سە ورییە كان ).

## 1/2 ) پەیوەندی نێوان بونیادی سیمانتیكی و تە سەورییە كان

[16] الفاسي الفهري ( 1985:198 ) ،Jackendoff( 1978:203 )
[17] محمد غاليم ( 1987:93-94 )

راڤە كردنی واتا لە تیۆرییە زمانییە كاندا دەگەرێتەوە بۆ دوو پرسیاری جیاواز 'ئایا كام پۆلە رەگەز لە پۆلە رە گەزە چەمكییە كان بریتیین لە واتا ؟یان ،ئایا واتا چۆن دەبە سترێتەوە بە بونیددی سینتاكسی ؟ لە چواچیوەی تیۆرییەكانی بوستال ( 1964 ) ،كاتز ( 1972 )،دەربارەی چونێتی بونیاد نانی واتای رِستە كان بە ریگەی سیما و نیشانە تاییە تەكانی ئیلمێنتە ئاوەزییە كان ،واتە ئەو ئایتمە زمانییانە ،كە لە ئاوەزدان هەڵگیراون ، بە پێی یاسای پرۆژە سازدان ، لە مێشكی قسە كەردان واتاكانیان دەخرێنە پاڵ یە ك بە مەبەستی بونیادنانی واتای پێكهاتە ورِستە كان ، ئە گەر روونتر بخرێتە روو ،لای كاتز و فۆدۆر لە پەسەندكردنی زمانیدا ،(واتا )لە ئاستێكی چەمكیدا دەربرینی لێدەكرێت ،كە جیاوازە لە ئاستی سینتاكسی و بە ئاستی نواندنی سیمانتیكی ناودەبرێت ،ئە م ئاستە لە بونیادی زمانی دەبەسرێتەوە بە بونیادی سینتاكسی بە یارمەتی یاساكانی پرۆژە سازدان ،یاساكانی پرۆژە سازدان ووشە كان دەبەستێتەوە بە بە بونیادە /دروستە سینتاكسییە كان بۆ ئەوەی بگات بە مەدلوولی رِستە،واتە واتا دەشكێتەوە بە سەر بونیادێكی دیاریكراو ،[18] بە لاّم جاكندوف نواندنی سیمانتیكی بە بونیادی سیمانتیكی ناو دەبات و ،یاساكانی پرۆژە سازدان بە یاساكانی پەیكاڵبوون ناودەبات ،بە لاّم بە گشتی رەخنە ی زۆر ئاراستەی یاساكانی گونجاندن دەكرێت لای كاتزو فۆدۆر و بەرهەمهێنەرەكان ،كە دەتوانرێت تیۆرێكی سیمانتیكی لەم وێنەدا بخرێتە روو( برِوانە وێنەی ( 3 ):




وێنەی ( 3 )

سە رەرایی ئە و هەوڵە گرنگانە لەو بوارەدا ،بە لاّم لە ئە نجامدا لە چونێتی لێكدانەوەی واتای پێكهاتە میتافۆرییە كان و ناوازایی ( الشرۆز الدلالیە ) ،ئەم تیۆرییە بیّ كە موكورتی نەبوو [19]، برِوانەئەم رستانەی :

---

[18] میشال زكریا ( 1982:15 )،احمد محمد قدور ( 1996:323 )

[19] محمد غالیم ( 1987:91 )

- مەیموونەکە م بینی .

-تۆپە کە چوارگۆشەو خرە .

پیاوەکە مردووەو زیندووە .

-ئەو پێی وایە 2017 کورد دەبێت بە دەوڵەت .

لێرەدا بە پێی نیشانە واتاییە کان ناتوانرێت جیاوازی بکرێت لە نێوان پێکهاتەی میتافۆری و نا میتافۆری ،چونکە پێکهاتەی میتافۆری خاوەن ڕاڤە کردنێکی سیمانتیکی نییە بە ڵکو خاوەن واتاییە کی مەعریفییە ،لە رستەی یە کەمدا ،رەنگە واتای میتافۆری تێدا بە دی بکرێت ،کە مەبەست لە منداڵێکە مۆز زۆر دە خوات ،یان مەبەست لە کەسێکە زۆر ناشیرینە ،لەوانەشە واتایی حەحیقی هەڵبگرێت ،کە مە بە ست بینینی ئاژەڵێکە لە باخچە ی ئاژەڵان ،لە رستەی دووەم وسییە مدا واتایە کی نالۆجیکییە چونکە مردن و ژیان وخرو چواگۆشە لە یەك کاتدا پێکەوە نایە ن ،ئە م چەمکە لۆجیکییانە لە بونیادی ئاوەزی قسە کەردا بوونی هەیەو درکیپێدەکرێت ،هەروەها لە رستەی چوارەمدا ، پێشبینی کردن هاوشێوەی بنە ما لۆجیکییە کان لەم تیۆرییە رێگە پێدراو نییە و ئە مەم چەندین کێشەی سیمانتیکی تر لە م رووە وە بەرچاو دەکەوێت ،کە دەکەوێتە نێو بونیادی تە سەوری ئاوەزی قسە پێکەرانی زمانی کوردی .[20]

ئەم تیۆرییە بە سیمانتیکی لێکدەرەوەیی ناودەبرێت ،چونکە لێرەدا پێکهاتەی سینتاکسی سەربە خۆیە ،بە لام لە سالانی حەفتادا وەکو جێگیرەوەیەك بۆ ئە م تیۆرییە سیمانتیکی بەرهەمهێنەری بە دی دەکرێت ،کە تێیدا بونیادی سیمانتیکی و سینتاکسی پێکەڵ دەبن ، بروانە لایكوف ( 1971 )،بۆ بەستنەوەی بونیادی سیمانتیکی بە بونیادی سینتاکی پێویستمان بە یاساکانی گونجاندن /mappingدەبێت ،کە هەندێك بە یاساکانی بۆ یەکتر گە ڕانەوەو /پەیکاڵبوو ن / correspondence rules،ناوی دەبەن ،یان یاساکانی بەرانبەر کردن /inter faceهەروەها بە یاساکانی پرۆژە سازدان ناودەبرێت /projection[21] . ، پەیوەست بە ئەم یاسایانە چەند قۆناغێکی لێکۆلینەوەمان هەیە لە پەیوەندی نێوان بونیادی سینتاکسی و سیمانتیکی[22] ،بروانە خشتەی ( 2 ) :

---

[20] لەم رووە بڕوانە شیلان ئەحمەد ( 2015:134-140 )، ortony (1979:2)، Fillmore (1986:26)

[21] ئە م یاسایانە سەرەرایی جیاوازیان لە رووی زاراوەوە ،بەڵام بۆ یە ك مە بەست بە کاردێن ئەویش نێوانطربیة لە نێوان سیمانتیك و سینتاکس ،کە ثەیوەندی نێوان سیمانتیك و سینتاکس دیاریدە کەن ،بڕوانە شیلان عومەر ( 2012 ) ،هەروەها جاکندوف ( 2010 )

[22] سمیر شریف استیتیة ( 2008:186-188 )

| | |
|---|---|
| تیۆریی لێكدەرەوەیی | پێكهاتــەی ســیمانتیكی لــە م تیۆرییــە دا ســەربەخۆیە ، پەیوەست نییە بە پێكهاتەی سینتاكسی ،كە دواتر تیۆریی بــە رهــە مهێنــەری و ســیمانتیكی بەرهەمهێنــەری وەكــو جێگرەوەی ئەم تیۆرییە لە سالانی حەفت دا بە كارهات. |
| تیـــــــــــــــــــــۆریی ســـــــــــــــــــــتاندەر،كاتز فۆدۆر، پۆستالʼ1964، چومسكی1965 | یاساكانی گونجاندنی بونیادی سیمانتیكی ، لـە زانیارییـە كانی بونیادی قووڵەوە سوود وەردەگرێت ،كەموركورتی ئە م تیۆرییــە و نەگونجانــدنی بــووە هــۆی ســەرهەڵدانی دوو ئاراستەی جیاواز( یـە كـەمیان سیمانتیكی بەرهەمهێنـەریی ،دووەمیان سیمانتیكی ستاندەری فراوانكراو ). |
| تیۆریی بەرهە مهێنەری | بونیادی سینتا كسی و بونیادی سیمانتیكی لە ئە م تیۆرییـە پێكەڵە/ممتزج ،بە شێوەیەكی ئازاد انە بەلام ئەم بۆچوونە روو بەرووی كە مو كورتی بوویەوە چونكە هەڵبژاردنە كان/option لە بە ردەم كەسێك ،كە بیەوێت زمـانێكی تـر فێر ببێت زۆر فراوانە . |
| تیۆریی ستاندەری فراوانكراو لە لایە ن چومسكی و جاكندوف پەرەی پێدرا . | یاسانی گونجاندن دەكرێتە چەند پۆلێكەوە ،هەر یـە ك لـە ئەو پۆلانە پەیوەستن بە بونیادی سیمانتیكی ،كـە هەنـدێك زانیاری لە ئاستی قووڵەوە هەندێكی تر لە ئاستی رووكـەش وەردەگرن . |
| تیۆری ستاندەری فراوانكراوی دەستپێداهێنراو چومســكی ( 1975،1980،1981 )، هــەروەها بریســنا ن ( 1978،1982 )تیۆریی فەرهەنگی ئاوەزیانەی ئەركی | یاساكانی گونجاندن بریتیین لە چەند پۆلێك ،بەلام هەموو پۆلە كان بە سەر ئاسی رووكەشدا جێبە جێدەكرێن |

**خشتەی** ( 2 )......................................................

لە م بوارەدا دوو ئاراستە درووستبوو ،یە كەمیان نوێنەرانی سیمانتیكی بە رهەمهێنەری بـوون ،لـە چۆمسكی خۆیـان جیـاكردەوە ،وەكو لاكو ف و پۆستالʼ و ئەوانی تر ،ئاراستەیەكی تر جاكندوف بوو رابەرایـەتی سیمانتیكی تـە سـەوری دەكـرد ،كـە سـتیڤن پنگرو ئەوانی تر پێی كاریگەربوون و پشتگیریی لە تێڕوانینی ئاوەزداری چومسكی دەكەن ،لە بەر ئەوەی لێكۆلەر ئـەوەی دووەم پە سەند دەكات وەكو باشترین مۆدێلی دارشتنی واتا ،بۆیە دەبێت لێرەدا باسی پەیوەندی بونیـادی تـە سـەوری بكـەین لـە گـەڵ بونیادە زمانییە كان لە چواچێوەی پەیوەندی نێوان بونیادی سینتاكسی و سیمانتیكی ،لە م بارەییەوە دوو بنە مای سـەرەكیمان هە یە بۆ بەستنەوەی بونیادی زمانی بە بونیادی تە سەوری [23]:

[23] راي جاكندوف ( 2009:71-72 )

1-بونیادی تە سەوری ئاستێكی قوڵترە لە بونیادی سیمانتیكی ،كە بەرێگەی پێكهاتەیە ك پێكەوە دەبەسترێتەوە ،كە پێی دەوترێت پێكهاتەی پراگماتیكی (واتای زمانی تایبە ت دەكات بە گوتارو باركگراوەندە نازمانییەكان ( extra linguistic )،ئە م بۆچوونە لای كاتزو فۆدۆر ( 1980 ) هەروەها جاكندوف ( 1972 )دەبینرێت.

2-بونیادی سیمانتیكی دەتوانێت لقێك بێت لە بونیادی تە سەوری ، بڕوانە وێنەی ( 2 ) یان جیگرەوەی بونیادی تە سە وری بێت،كە بە فۆرمی زمانی دەربڕینی لێدەكرێت ،هەروەها یاساكانی گونجاندن /mapping پەیوەندیەكی بەستنەوە /linking لە نێوان بونیادی سینتاكسی و تە سەوەری دروست دەكەن،هەرەها هەردوو یاساكانی دەرە نجامگیری و پراگماتیكی لە بونیادی تە سەورییەوە دەردەچن و دووبارە بۆی دەگەرێنەوە ،ئەم بۆچوونانە لە زیرەكی دەستكردا سوودی لێبینراوە ،لە لایە ن فۆدۆرو گاریت و 1975 چومسكییە وە پەسەندكراو ن،بە گشتی لە ئە م مۆدێلە دا بونیادی سیمانتیكی دەكەوێتە نێو بونیادی تە سەوری ،بڕوانە وێنەی ( 4 ) ،وێنەی ( 5 ):




( پێڕەوی زمانی )




----(5)وێنەی__________ پێڕەوی زمانی______________________________

-------

**2-1/2 )بونیادی واتا بە پێی بونیادە تە سەورییە كان**

ئەزموونەكان ، دەتوانن گەتیگورییە كانی پێڕەوی تە سەوری دیارییكە ن ،ئە گەر شتە كان لە دنیای رۆلێكی هەبێت لە سنووردارکردنی پێڕەوی تە سەوری ،ئەوە ئەو رۆڵە بە تەنها بە رێگەی ئە زموونە كا نمەوە دەبێت .[24] بۆ ئەوەی تێگەیشتنمان هەبێت دەربارەی جیهان و دەورووبەر ،ئەوە پێویستمان بە گەتیگۆری شتە كان و ئە زموونە كانە ،كە ئەم گەتیگۆریانە چەند رەهەندێك دیاریدەكات ،وەكو :

1-ڕەهەندی درككردنی هەستی : پەیوەستە بە تە سەوركرد نما ن بۆ شتە كان بە رێگەی ئۆرگانە هە ستییە كان .

2-ڕەهەندی جووڵەیی : پەیوەستە بە سروشتی كارلێكەری جووڵەیی لە نێوان مرۆڤ وشتە كان .

3-ڕەهەندی ئەركی : پەیوەستە بە تە سەوركردنی ئەرك و چالاكی شتە كان .

4-رە هە ندی مە بە ستدار: پەیوەستە بە بە كارهێنانی شتە كان لە باروودۆخێكی دیاریكراودا.

ناسینەوەی شتە كان بە تەنها تایبە تمەندی شتە كان نییە ،بە ڵكو تایبە تمەندی كارلێكەریانەیە پەیوەستە بە رەهەندی درككردنی و جووڵەیی و................تاد .ئە گەر تە سەورەكان بە ئەو جۆرە لە نێو پێڕەوی تە سە وریدا دیارییكرێت ،ئەوە بە شێكی زۆری بونیادی تە سەوری خاوەن پرنسیپی میتافۆری و میتۆنۆمییە .چەشنەكانی تە سەوراتی میتافۆری لە سەر بنەمای بونیادی پێڕەوی تە سەوری كاردەكەن ،كە لایكوف و جونسن [25]،بە شێوە دیاریدەكەن :

1-میتافۆری بونیادی :بونیادنانی تە سەورێكە بە رێگەی تە سەورێكی ترەوە ،وەكو تە سەوركردنی ( دە مە قاڵە ی شەڕكردن ):

-هیچتان لە دەست نایە ت.

-ناتوانیت بەرگری لە خۆت بكەیت .

-مە بە ستە كەی پێكا .

-قسە كەی لە شوێنی خۆیدا بوو .

- پشتی شكاند و ئابڕووی برد

[24] لایكوف وجونسن ( 1980:146)

[25] لایكوف وجونسن( 1980:2-22)

دەمە قالە فۆرمێکی زمانییە ،بە لام شەرکردن ناکۆکییە کی چە کدارانەیە ، لێرەدا تە سەورکردنەکانی ( دەمە قالە ) لە گەڵ چالاکییە کی کردەیی ( شەڕکردن پێکەوە گرێدراوە بە شێوەیە کی میتافۆریانە .

2- میتافۆرییە ئاراستییە کان :رێکخستنی پێڕەوێکی تە واوی تە سەورەکان بە رێگەی پێڕەوێکی تە سەوریی ترەوە ،کە پەیوەستە بە ئاراستەیەکی فەزایی ( سەرەوە ،خوارەوە ،لە بن لە ناوەراست ..........تاد ):

-ئاستی خوێندکارەکان دابە زیوە .

-دەوڵەتی کوردی بۆ دواوە دەڕوات .

-مامۆستاکە لە بۆچوونەکانی زۆر دوور رۆیشت .

3-میتافۆرییە ئە نتۆلۆجییە کان :بریتییە لە ئەزموونمان لە گەڵشتە هەستپێکراوەکان ،کە بیروبۆچوون و چالاکی و رووداوەکان وەکو شتێکی هەستپێکراو سەیر دەکرێت:

-بارودۆخی دارایی هەرێم تووشی هەڵاوسان بووە.

-ئاهەنگەکەم بینی زۆر خۆش بوو.

-بارودۆخی دارایی چالاکیەکە،هەروەها ( ئاهەنگەکە )ڕووداوێکە بەلام وەك شتێکی بەرجەستەکرا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت،ئەگەر میتافۆر ڕێگایەك بێت بۆ تەسەورکردنی شتێك بەڕێگەی خواستنی تەسەورێکی تر ئەوە ئەرکی سەرەکی میتۆنۆمی بریتیە لە ئاماژەبەندی،بەواتا کیانێك لە بری کیانێکی تر دادەنرێت بۆ نموونە :-

-لە زانکۆ چەند دەموو چاوێکی تازەم بینی.

چەند سەرێك لەناو ئۆتۆمبیلەکەوە دیارە.

دەموو چاوو سەر لەبری هەموو کەسەکان بەکارهێنراوە.ئەمەش وامان لێدەکات لە بونیادی تەسەوری مێشکدا هیچ جیاکاریەك نەکەین لە نێوان واتای میتافۆری و حەقیقی،چونکە مرۆڤ هەردووکیان وەك یەك دركپێدەکات.

**ئە نجام**

1- بە پێی قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە لە واتا لە چواچێوەی تیۆرییە کانی لێکدەرەوەیی و بەرهەمهێنەری ،دوو ئاراستەی جیاوازمان هەیە بۆ لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان بونیادی سیمانتیکی و سینتاکسی ،لێکۆڵەر مۆدێلی بونیادی تە سەوری ،کە

ئاراستەیە كی ئاوەزدارییە بە باشترین مۆدێل دادەنێت بۆ لێكدانەوەی پەیوەندی نێوان بونیادی سیمانتیكی و سینتاكسی لە لایە كەوەو لە لایە كی ترەوە بۆ لێكدانەوەی پەیوەندی نێوان زمان و بونیادی تە سەوری .

2-بونیادی سیمانتیكی یە كسان دەكرێتەوە بە بونیادی تە سەوری ،هەندێك جاریش بونیادی سیمانتیكی بە لقێك لە بونیادی تە سەوری دادەنرێت ،لێكۆلەر لە ئە نجامدا ئەوە دەخاتە رو و ،كە بونیادی سیمانتیكی بە شێك لە بونیادی تە سەوری ئاشكرا دەكات .

3-بونیادی واتا بە ئەو ڕادەیە دیاریكراو نییە ،كە پەی بە هە موو جۆرەكانی واتا ببەین،بە لاَم ڕادەیەش فراوان نییە ،كە نەتوانرێت دركپێبكرێت ،چونكە پەیوەست بە ئە زموونەكانی قسە كەرەوە بونیادی تە سەوری لە ئاوەزدا تارادەیە ك دیاریكرا و دەبێت ،واتە سنووردار كرنی پێڕەوی تە سەوری بە رێگەی ئەزموونە كانەوە دەبێت.

**سەرچاوەكان**


- -شیلان عومەر حسەین ، پەیوندی سینتاكس و سیمانتیك لە رێزمانی كوردیدا ،سلێمانی ،2012
- -شیلان ئە حمەد ئیسماعیل ،تێكردە بیرییە كان لە پەیكاڵبوونی فۆرم و واتادا ،( نامەی ماستەر )،2015
- -احمد محمد قدور ،مبادی اللسانیات ،گ1،دار الفكر،دمشق،1996
- -احمد محمد قدور،مصنفات اللحن والتپقیف اللغوی حتی القرن العاشر الهجری ،وزاره الپقافه ،دمشق،1996
- جورج لایكوف ومارك جونسن ،الاستعارات التی نحیا بها، ت: عبد المجید جحفه ،دار تویقال،2009
- -رای جاكندوف ،علم الدلاله والعرفانیه ،ت:عبد الرزاق بنور، مختار كریم ،مركز الوگنی للترجمه ،وزاره الپقافه والمحافقه علی التراپ ،سیناترا،تونس،2010
- -سمیر شریف استیتیه ،اللسانیات ،عالم الكتب الحدیپ ،گ2،جدارا لكتاب العالمی ،اردن،2008
- -الفاسی القهری ، اللسانیات واللغه العربیه ،دار تویقال ،1985
- محمد غالیم ،التولید الدلالی فی البلاغه والمعجم ،گ1،دارتویقال ،دار البیچاو ،المغرب ،1987
- میشال زكریا ،الالسنیه التولیدیه والتحویلیه وقواعد اللغه العربیه ،گ2،بیروت،المؤسسه الجامعیه للدراسات والنشر ،1996
- Fillmore ,ch,j,(1986)the case for the case ,in bach and harms :universal in linguistic theory ,hoh ,rine,hard and Winston,inc ,
- Jackendoff ,R,(1983),semantic and cognition ,m,I,t,press.
- Jackendoff ,R,(1978):grammar as evidence for conceptual structure,in halle,m,and als ,(1978:linguistic theory and psychological reality ,m,I,t,press
- lakoff,G and Johnson ,m,(1980),metaphors we live by ,univ of Chicago,press

- Norrick ,n,r,(1981),semoiotic principle in semantic theory, John benjamins b.s
- Maccawiey ,j.d ,(1968) the role of semantics in grammer .in bach and harms .
- Ortony,A,(ed),metaphore and thought ,cambridge ,university press .1979



**الخلاصة**

**ان هذا بحث بعنوان ( تحديد البنيات الدلالية وفق البنيات التصورية ) ،له اهمية كبيرة في مجال اللسانيات وفي مجال فلسفة اللغة،في هذاالصدد يقوم الباحث بدراسة فرضية البنيات التصورية ،من اجل تقديم افضل نموذج الذي من خلاله نتمكن بيان سلامة البنيات الدلالية في اللغة معتمدا على البنيات غير اللغوية مرتبطة بالتصورات والتجارب والثقافات المختلفة المخزونة في الذهن المتكلم وفي اطار علم الدلالة التصوري يحدد البنيات الدلالية للالفاظ وكلمات في اللغة الكوردية الذي بدوره يعتمد على اختلاف في بنيات التصورية والثقافات والسياقات الاعتقاد.**



## Abstract

This is a research entitled (Determination of semantic structures according to conceptual structures), which is of great importance in the field of linguistics and in the field of philosophy of language. In this case, the researcher studies the hypothesis of conceptual structures in order to provide the best model through which we can demonstrate the semantic well-formness in language,in depend able Non-linguistic structures are linked to the different conception, experiments and cultures stored in the speaker's mind. In the context of conceptual semantics, the semantic constructs of words and words are identified in Kurdish language, which in turn depends on differences in conceptual structures, cultures and belief contexts

## لیستی زاراوەکان

| ئینگلیزی | کوردی | عەرەبی |
|---|---|---|
| Cognition | درککردن | المعرفة /الادراك |
| Conceptual structure | بونیادی تە سەوری /چەمکی | البنيات التصورية |
| Conceptual structure hypothesis | تیۆریی بونیادی تە سە وری | فرضية البنيات التصورية |
| Mapping rules | یاساکانی گو نجاندن | قواعد التناسب |
| Perception | پێپێبردن | الادراك الحسي |
| Projection rules | یاساکانی پرۆژە سازدان | قواعد الاسقاط |
| Semantic structures | بونیادە سیمانتکییە کان | البنيات الدلالية |
| Semantic well-formness | دروستی فۆرمە سیمانتکییە کان | سلامة البنيات الدلالية |
| Well –formness rules | یاساکانی دروستی فۆرم | قواعد سلامة البنيات |
| Linking | بەستنەوە | الرواسب |
| Inter face rules | یاساکانی بەرانبەرکردن | قواعد الوصل |
| Coorespondence rules | یاساکانی پەیکاڵبوون و بۆ یەکتر گەرانەوە | قواعد التوافق |